# تاشەی چیا شکاوەکان

**کەریم دەشتی**

١

**نەهاتی**

چەند وەستام، لە ئاستانەی سپی سیماتا نەهاتی
چەند سووتام، لە کانوونی گەرمی نیگاتا نەهاتی
ئەی شووشەی ئەو دڵە شکاوەم
چەند بە دوات لەت لەت بووم نەهاتی
ئەوێستاش لە تاقی ئاسماندا وەکو خۆر، هەڵاتی
بووم بە خۆڵەمێشی بەر بارانی ئەبەد
دەبینی نەهاتی و نەهاتی و نەهاتی
ئەی تەونی چلچراو نەخشی خوێن
ئەی شەوقی پڕ لە نەزم و بەزم و بێن
ئەی تاوێ لە بارانی تووڕە
دڵ هات و توایەوە و بوو بە تەم
تەم هەموو گڕی گرت و تەمتوومان ڕەوییەوە
نەهاتی

٢

**ئاگری وجود**

شەوێ من و ئاو بە تەنها ماینەوە
ئاگری نهێنی وجوود دایگرتین
شەو خۆی و هاژەی ڕووباری
ڕووبار خۆی و لمی کەناری
کەنار خۆی و بەستەی شەپۆل
شەپۆل خۆی و تارمایی ڕاوچی
ڕاوچی خۆی و گیانی ماسی
ماسی خۆی و تەڵەسمی تۆڕ
منیش خۆم و بەلەمەکەم
لەناکاو جەستەی نەوڕەسێ داگیرسا
قەڵەمی دڵم ئاگری گرت
وەک زەیتی خودا داگیرسا



٣

**ئاو**

تێنوومان بوو، ئاویش لە ژێر تاشەبەردی ملەی چیا
ئاواز ئاواز ئەڕژایە نێو قەدی گیا

سەبەت سەبەت، تریی عومری ئێمەی ئەڕنی
نە کتێب دادی ئەداین
نە حیکمەتیش، تێنوێتی ئێمەی ئەچنی
دەنگی ئاو ئەهات و ڕەنگی نەبوو
لە ناو ئاوێنەی کوندا
هەموو هەستێکمان مردبوو
هاوارمان کرد ئەی ئاو ئەی ئاو
ئاوی سەما و تەونی ڤیان
کەی ئەو کەڤرانە شەق ئەکەی
ئەماندەیتەوە دەست ژیان؟

٤

**سوار**

وەک برووسک تاوی ئەدا
تیشکی خۆر لە قژی درێژی ئەدا
بژی سورخنی ئەسپەکەی، هەڵمی زێڕی لێ هەڵئەسا
با لە تەلی کەوانی ئاو دەستی ئەدا
ئاگری ئاوازێکی خەمگین دائەگیرسا
سوار هەر تاوی ئەدا و تاوی ئەدا
کە کەوتە کەمینی تیرەندازێ
شەوقی چاوی کوژایەوە، ئاسمان ئەسرینی دارژا
فوارەی خوێنی سوارەی هەتاو
بەسەر تاشەکان هەڵپژا

٥

**تاشەی چیا شکاوەکان**

ویستم پشکۆ بکەم بە ملوانکەی ژیان
هەتا خوێنم گەرمتر بێ
ویستم باخێک بۆ شەرابی جاویدانی
لە کەناران هەڵێنمەوە
مەستی بکەم بە کتێبێ، بۆ هەمووانی بخوێنمەوە
قوم قوم ئاوم کۆکردەوە
تیشک تیشک ڕووناکیم لە هەتاو دزی
باوەش باوەش گەوهەری بن دەریام هێنا
بۆ هەر لایێ دەیان جۆگەی ئاوم هێنا
ڕێم لە ڕەوەزان کردەوە
قامک قامک پرچی تاریکیم هەڵپاچی
ئاردی خەمبارییەکانم بێژت
کەپەکی ماندووبوونم ڕێشت
بەڵام دواجار دونیا بەتاو منی جێهێشت

٦

**شکسپیر لە خۆکوشتنا**

هۆراشیۆ هاوڕێم هۆراشیۆ، من هاملێتێکی خەمگینم
یەقین لەسەرم مردووە
کاردی گومان ئەو دڵەی لەت لەت کردووە
فریام کەوە وا خەریکە بینین لە چاوم ڕائەکا
مەرگ وەک ئۆفیلیای سپی
لەناو خوێنم سەما ئەکا
هۆراشیۆ هاوڕێم هۆراشیۆ، من هاملێتێکی خەمگینم
گیا لە برینم شین بووە
شمشێری دەستی تەنهاییم، وەک ئاڵا ئەشەکێتەوە
ئەزانم جەستەم شەق ئەکا
هۆراشیۆ هاوڕێم هۆراشیۆ، ئەو گومانە هەر ئەمکوژێ
عەرشی وجوودم لەق ئەکا، فریام کەوە

٧

**ئەڵماسی بەفر**

ئەی پێشڕەوی گومان
هەموو شوێنپێکان یەقینی تۆ بوون
لەنێو ئەم تاریکە شەوە
کە تاریکترین زیندانی وجوودە
بلێسەیان لێ هەڵئەسا
ئەفسانەی درەوشاوەت، ئەژنۆی پێ شل کردم
وەک ئەڵماسی بەفر، چاوی ئەسپی کول ئەکردم
دواجار لەنێو یۆتۆپیای گەیشتن بە تۆ
وەک پەپوولەیەکی خەمگین
لەناو لەپی ئاگراوی تۆدا مردم

٨

**ئەسپەکەم، کێ بردی؟**

وەک ئەستێرەکان دارژا
وەک شەربەتی ناو قەرابەی قەرەجەکان
لەبەر دەستی من هەڵپژا
سپی دەچێتەوە سپی، وەک کەفچەڕی ئەوبەری دەریا
ئەچم بۆ لای ئەسپی سپی
تەنکە ئاوێکی شیرینە، ئەڕژێتە ناو خۆڵی بیابان
گوێم لە حیلەی ئەسپەکەمە بانگم ئەکات
ئەسپی سپیم، نە بە ماڵەکەی ئەکەوم، نەگۆڕەکەی
لە دوورەوە ئەیبینم، وەک شمشێر ئەبریسکێتەوە
وەک سەرخۆشێ لەناو یادەوەرییەکانی
ڕەبازبووبێ ئاوەها ئەترینگێتەوە

ئەسپی سپیم کتێبێکە، لەبەر باخەڵی سوور پێستێ
زینێکە لە زیوی دارستان
سەدایەکە لە چریکەی ئینسان
ئەچم بۆ لای ئەسپی سپی، لەهەر کوێیەکی دونیابێ
شووشە عەتری شاعیرێکی شکاوە
لەهەر کاتێ کە قەڵەمی دەرهێنا بێ
ئەسپەکەم کێ بردی؟

٩

**تۆ بۆکوێ چووی؟**

ئاوا ئەسپی کەرەندی خۆت جێ هێشتووە و
منت داوەتە بای زەمان
تۆ بۆ کوێ چووی شمشاڵی خۆت
بۆ حەیرانی پڕ لە ناڵەم جێ هێشتووە
منت داوەتە دەست پاچ و ڕەندەی گومان؟
ئێستا تەنهام، لە کوورەی باخی نیشتیمان
خەمبارترین ئاگر تاشم
لە کانی گڕی نیشتیمان
تینووترین ئاگرنۆشم
تۆ بۆ کوێ چووی
ئەسپ و کەوان و شمشاڵت جێ هێشتووە
کیسەی ئەندێشە و ڕامانت
لە نێو شیعرەکانی مندا جێ هێشتووە
تۆ بۆ کوێ چووی

١٠

**کەسێ دێ**

ئەو ناوە پڕ برووسک ئەکات، باوەشی پڕە لە شەتڵی ئومێد
لە باخەکانی ڕۆحی ئەچینێ، دڵی پڕە لە ئاگر
لەمپەری سەر ڕێگاکان ئەسووتێنێ
بیابان پڕ لە ئاو ئەکا
شەوە درێژەکان کورت ئەکاتەوە
ئاسمان دێنێتە جێی زەوی
زەوی بۆ ئاسمان ئەباتەوە
کەسێ دێ، بەڵام ئەو کەسە هەرگیز ناگات
ڕۆژەکان چەند زوو دێن و ڕادەبرن
هاتنی تۆش چەند درەنگ

١١

**تۆ ئاوی ئاو**

ئەتخۆمەوە و تێنوێتی من هەر ناشکێ
هەمموو شووشەی شەرابێکت
لێ پڕ ئەکەم تێنوێتی من هەر ناشکێ
نان و زادت پێ ئەڕشێنم، برسیەتی من تەواو نابێ
تۆ ئاوی ئاو، سەدان ساڵە وەکو عەتر ئەتبەشمەوە
سەرم پڕ بەرامەت نابێ
گوڵەکانت پێ ئاو ئەدەم
تیغی سەختەندازەکانت بۆ ساو ئەدەم
بەڵام تەتەری دەنگی تۆ هەر پەیدا نابی
کارێزت بۆ ئەکەمەوە، هەرگیز بە سەرچاوەت ناگەم
جۆگە جۆگە بە دواتا دێم
کانی کانی بۆت ئەگەڕێم
تۆ لە کێی من ناتدۆزمەوە و درەوشانەوەت تەواو نابێ
تۆ ئاوی ئاو، هەزار ساڵە هەمموو شەوێ
من خەونت پێوە ئەبینم
کێو و دۆڵی سەرزەمینت بۆ ئەگەڕێم
پاشان ئەزانم سەرابی
کە جێت دێڵم، لە دوورەوە ئەڵێی تروسکەی شەرابی
تۆ ئاوی ئاو، تەمەنێکە بانگت ئەکەم هەرگیز وەڵام
نادەیتەوە
ماڵم هەمموو کردۆتە ئاو، کتێبەکانم پڕن لە ئاو
کتێبخانەکەم ئاو بردی، تۆ هەر وەڵام نادەیتەوە

١٢

**ئەسپێک دێ**

لە دوور دوورەوە ئەسپێک دێ
ئاگر لە سمی هەڵئەچێ
ئەو ئەسپە نیشتیمانی ون کردووە و ناگاتە جێ.